# چوار تابلۆ لەدیوانی ( شاعیرێ وێنە دەکێشێ)ی عەبدولقادر سەعید

لە برای بەڕێز و هاوڕێ و هاوکاری بەڕێزمان کاک هەژار مەعروف(دەوەن)، هەواڵی بڵاوبونەوەی تازەترین دیوانە شیعری هاوڕێی ئازیزمان عەبدولقادر سەعید (سەرچناری) شاعیرمان، پێگەیشتووە، بە ناونیشانی (شاعیر وێنە دەکێشی) و بە دیاریش چوار تابلۆی لەو دیوانە پێشکەش کردووین، ئێمەش بە سوپاسەوە بڵاوی دەکەینەوە و پیرۆزبایش لە هاوڕێی ئازیزمان کاک قادر سەرچناری دەکەین و دەستخۆشی لێدەکەین و پێی دەڵێین خەرمان بەرەکەت، هەر تەمەن درێژ و تەندروست باش بێت.. فەرموون بۆ مشتێک لە نموونەی خەرواری ئەم دیوانە.




1

( ئێمە کاتێ مردنمان هەڵبژارد، دەمانزانی هەر زوو بیردەچینەوە. بەڵام بۆ ئەوەی نەمربین دەستبەرداری چەند ساڵێکی تەمەنی خۆمان بووین )

## یادەوەری

ناوێرم بیڵێم ئەترسم،
گوڵە ئەستێرەیەکی شۆفار
گوێی لێ بێ و بۆت بگێرێتەوە
لەدەمشڕی درەختی بەرماڵەکەمان
لەهەلپەرستی پشیلەکانی کۆڵان
لەگەواهی تەلەفۆنە دەستیەکەم ئەترسم

لە خۆمی ببیستەگەورەم:
جەنابی سەرکردە دوێ شەو هەر دوای ئەوەی ئێوە
لەسەر شاشە تیڤیە رەنگاو رەنگەکە
لەیادەوەری خۆتاندا
بۆ شاخێکی شەهید گریان
منالەکەم ووتی بابە تۆ هەمیشە نالێ ی ئەوان
تارمایی رەوە تیمساحن و
ئێمەش ماسی ووردو درشت؟
منالە سەر بەگۆبەنەکەم
پرسیاری
فرمێسکی تیمساحی ئەکرد
کە ئەیبینی ئێوە بەکوڵ ئەگریان و
رێژنەی فرمێسکتان بۆ ئەرشت.

2

(شەرخوازەکان هەمیشە ئەڵێن.. چارەنووسی ئازادی لەگەڵ چارە نووسی جەنگەکاندا ئاوێتەیە.
ئەمە ئەو پەندەیە کە ناچێتە خانەی دادپەروەریەوە)

# ئازادی

سۆمایی چاومان داهات، تا
ئازادی گەیشت
ئەو کەهات،تارمایی لاوێکی بەفرین بوو.
بە تفەنگێکی دار شووشەوە
لەو شاخانەوە دابەزی و
لە شارێکی جەنجاڵدا بزربوو.
کاتێ لەناو جەنگاوەرانی شەری ناوخۆدا
بە پیری دۆزیمانەوە،
لەو ساتەوە رەنگی کفن و
بۆنی خوێنی لێنابڕێ.

3

(( پەیکەرە رۆحیەکان هەمیشە لەپەیکەرە پۆلاییەکان پتەوترو نەمرترن ))

# پێشەوا وەهمیەکان

لە جەنگە خوێناویەکان هەڵهاتبووم
بەشوێنتانا مۆزەخانە جیهانیەکان ئەگەرام

لە پاڵ پەیکەری ژەنەراڵە شەرکەرەکاندا
پەیکەرەکانتانم دۆزییەوە.
شەرواڵەکانتان بەخوێنی یەکتر سوور ببوون
دۆزیمنەوە
لێ هەرڕۆژەی چاوێکتان
گوێچکەیەکتان
پەنجەیەکتان بەرئەبووەوە.
شارەزایانی شوێنەوار ئەڵێن:
ئەم پەیکەرە خوێناویانە
لەجۆرە قوڕێک دروست بوون
رۆژگارێکە، رۆحیان ئەمرێ و
ناتوانن تاسەر نەمرن.

4

(( با دەروازەکانیشمان لەسەر داخرابن ، بەڵام لەودیو دەرگا داخراوەکانەوەکەسانێکی تر هەن دەژین و بیر دەکەنەوە ))..

# رۆبۆتە هاونیشتمانیەکان

رەشەبای جەنگەکان هەڵیانکرد
کەللە سەرەکانمان بەربوونەوە
کەللە سەرەکانمان بۆگەنیان کرد
بەفەرمانی تۆ رەشەبای جەنگەکان هەڵیانکرد
بەتەنها هەر کەللە سەری تۆ ،بەرنەبۆوە
بۆیە لەجیاتی ئێمە بیر دەکەیتەوە
لەجیاتی ئێمە قسە ئەکەیت، بۆن ئەکەیت و
بڕیار لەسەر ناشتنی کەللە سەرەکانمان ئەدەیت
خەونێکی چەند کابووسیە کەللە سەرێک بەتەنها
رۆبۆتەکان کۆکاتەوەو فێری چەپڵەو
نوسینی دروشمە جوانەکانی خۆیمان بکات.